# سیمای کوردستانەکەم    ئەحمەد دەشتی

دەمەوێ وێنەی کوردستانی خۆم
سیمای ڕورداوو ئازارانی خۆم
بکەم بە شیعرێ بۆ دیوانی خۆم
هەتا بمینێ بۆ وەڵاتی خۆم

لەبۆدیرۆکی پڕ ژانی کوردم
بە یادی نەمر بارزانی گوردم
بۆ ڕێبازەکەی کوردانی مەردم
دەکێێشم سیمای پڕ ئاخ و دەردم

یادی سەد سالەی نەمر بارزانی
وا دەنوسمەوە بۆ کامەرانی
هەتا لێی فێر بین سەربەرزی ژیان
سەر فیراز بکەین گشت کوردستانی

دەمەوێ واری لەت لەت کراوم
دابنێم لە سەر گلێنەی چاوم
هەتاکو من هەم قەت لە یاد نە کەم
سەربەخۆ بوونی خاکی بەش کراوم

یادی سەدسالەی ڕابوردوی مەردان
یادی خەبات و سەروەری کوردان
من پیرۆز دەکەم لە گشت کوردستان
یادی هەزاران هەزار شەهیدان

لە مەهابادی شاری دلێران
دەگێڕم چاوم لە بەچکە شێران
لە کۆمارەکەی ساوای مەهاباد
سەربڵند دیارە یادی سەروەران

له چـــــوار چـــــراكەی ڕۆلانی  كـوردم
بۆ سێدارەكەی پێشـــــــــــەوای گوردم
ڕۆمـــان و پەیكـــــەر بۆ گـــــەورەمەردم
دا دەڕێـــــــــــژم من  بۆ  نەوەی كـــوردم

هەر دەلێم  نەفـــــــرین لە تۆی داگیركـەر
هەزاران ســـــلاو لە قازی ســـــــــەروەر
لە گـــیانی پـــــاكی بـــــــارزانی گەوهەر
زینـــــــدوون نامرن  لە دلی كـــوردپەروەر

بۆ شـــــــــــــێخ سەلام و شێخی پیرانم
بۆ سەید ڕەزا و گشـــــــــــــت دلێرانم
بۆ ئیحســـان نوری ئاگری داخـــــــەكەم
بۆ شـــــــــێخی نەهـــری و سمكۆ و یارانم

بە یادی ســــەد ســـــــــال ڕۆلەی بارزانم
هـــــــــــەزاران ســـــــلاو بـــــۆ ڕبەرانم
بۆ شـــــــــێخ مەحمودو قـــــــارەمانانم
بۆ كاك ئیدریس و گشـــــت شـــــەهیدانم

دەمەویّ یادی پڕ لە خـــــــــــــوێنی خۆم
ڕۆژانی ســـــــــــەختی گشت یارانی خـــوم
بكـــــــــــــەم بە دروشمی پیرۆزی كوردم
كە بارزانیە ڕەمـــــــــــــــزی  خاكی خۆم

دیرۆكی كـــــۆنی وەلاتی كـــــــــــــــوردم
من دەهۆنمەوەبۆ نەوەی گـــــــــــــــوردم
سیمای ڕابەر و گشت قارەمـــــــــــــانان
دەكەم بە پەیكـــــەر بۆ خـــــاكی كـــــوردم

دەمەوی نەخشـــــــــــەی وارە جـــــوانەكـەم

من بکێشمەوە لە دڵی شیعرەکەم
لەئاسۆی روونی هەست و هیواکەم
باس بکەم یادو بەسەرهاتەکەم

بڕۆم بۆ کێو و ترۆپکی بەرز
بۆ سەر گلکۆکەی هەلۆی هەر بەرز
کڕنوشم بەرم بۆ بارزانی گورد
بۆ گشت شەهیدی ڕێی کوردو ئەرز

من دەنوسمەوە زۆر بە شانازی
هەتا ویژدان و دل دەبێ ڕازی
وا دەهونمەوە هۆنراوەی خەبات
بە یادی سەد سال پڕ لە سەربەرزی

هەل دەدەم ئالای ڕەنگاو ڕەنگی خۆم
بە گیان و بە دل پڕ بە دەنگی خۆم
دەلێم نەمردوون سەروەرانی خۆم
ئێوەن ئەستێرەو ڕۆژ و مانگی خۆم

سەدان چەپکە گول بۆ ڕابەری خۆم
دادەنێم لە سەر گلکۆی ڕوگەی خۆم
لە سەرمەزاری نەمرەکانی خۆم

دەلێم ئێوەنە هەردو چاوی خۆم
ئەوسا دەچمەوەناو شارەکەی خۆم
زێدی باپیرو گشت خزمانی خۆم
سا دەهونمەوە شیعری دلێ خۆم

دەمەوێ هەمووکارەساتەکان
هەشت هەزارڕۆلە،بارزانیەکان
لە گەل ئەنفالی هەموو کوردەکان

**بکەمە یادی گشت شەهیدەکان**

**هەرچی مەینەت و قوربانی کوردە**
**هەرچی ئازارو زام و چی دەردە**
**چی کۆمەل کوژی و زیندە بە چالە**
**دەیکەم بە پەندم ژیانی ئەم کوردە**

**هەرچی خەبات و چی تێکۆشانە**
**چی جەورو زۆری داگیرکەرانە**
**کە لە سەر کوردو گشت کوردستانە**
**دەیکەم بەپەندم لەم شیعرە جوانە**

**گشت خاکی بە زۆر تەعریب کراوم**
**شارەکەی دل و خوێنی هەناوم**
**ژیانی هەزاران وا ڕەتیندراوم**
**دەکەم بە شیعری دلی سوتاوم**

**قەت لە بیر ناکەم بارزانی گوردم**
**کە فەرمووی کەرکوک دلە بۆ کوردم**
**ئەگەر دل نەبێ خۆ ژیانیش نیە**
**دەبێ ڕزگارکەین ئەو دلەی کوردم**

**ئەم هۆنراوەیەم من زامدارەکەم**
**پڕ لە برینی گەلی خۆم دەکەم**
**بەخوێنی سووری ڕۆلە شیرنەکەم**
**من دەنەخشێنم سیمای شیعرەکەم**

**وێنەی کچۆلەی مێشک پڕاوم**
**دەکەم بە دیاری بۆ بەرزی ناوم**
**باوکی لە زیندان لە دار دراوم**
**دەکەم بە چیرۆک چۆن دل بڕاوم**

وێنەی هەزاران پێشمەرگەی مــــــــــەردم
هەڤال و دۆست و یــــــــارنی گـــــــوردم
کۆ دەکەمەوە گشـــــــــــت زام و دەردم
دەیکەم بەڕۆمــــــان بۆ بەرزی هـــــەردم

وێنەی تەعریبی کوردســــــــــــــتانەکەم
بابە گوڕگـــــــوڕی دڵ و چــــــــاوەکەم
لە ســـــــــــــــنجار هەتا خانەقینەکەم
دەیکەم بە پەنــــــــــــدێ بۆ وەلاتەکەم

دەمەوێ شـــیعرم پڕ کارەســـــــــات بێ
بۆنی ســـەدان تەن باروتی لێ بـــــــــێ
دەرونی هەمولەت لەت وخـــــوێن بــــێ
تاوەکوســـبەی پـــەنـدی ڕۆلەم بـــــێ

تـــــا ون نەبـــــێتن زۆری نـــەیـــــــاران
تا لە یـــاد نـــــەچــــێ زولمـــی زۆرداران
تالەچنگ ڕقی خڕ کـــــــــــــــوردپەوران
ڕزگـاریـــان نـــــەبێ هەرگیـز نەیـــــاران

دەمـەوێ ڕۆژێ کە شــــــــــــادی دێتن
هـــــەرگیز ئەم ڕۆژەم لەبیر نـــــــەچـــێتن
کە ڕابووردووی من چەند پـــــــــڕ ئـازاربو
تاخـــــــوێنی ڕۆلـــــــــەم چیتر نەڕژێتن

من دا دەڕێژم شــــــــیعری دلی خــــۆم
پەیکەری بەرزی ڕۆلەی گەلی خـــــــــۆم
کســـــــپەی دەرونی دایـکی دل ســـــوتاو
دەکـــەم بە شیعرێ بۆســــــەروەری خـۆم

بە یادی ســـۆریا و دەکای خوێــــــــناوی

بۆ شـــــەهیدانی شـــار و ئـــــاوایی
بۆ سەدان  گونـدی خاپوور کـــــــــراوم
دێنمەوە بیرا  قـــــــــــەلادزە و ناوم

دێنمەوە یادم ڕەمـــــــــزی خـــەباتم
شـــــۆڕشی ئەیلولی ڕێگـــــەی ئاواتم
بە یادی هەموو شـــــــــەهیدانی کورد
بۆ ســــــــــەر فیرازی گەل و وەلاتم

یادی ســـــەروەری کاروانی شـــــەهید
یادی خـــــــــەبات و ڕۆژانی نەویـد
هیـــــــوای ڕزگاری و ورەی وەک حەدید
دەکەم بە یادی هەزاران شـــــــەهید

بە یادی هەمـــــوو جەفاو کارەســـــات
ڕۆژانی ســـــــەختی سەربەرزی خەبات
من دەنـــــــــــوسمەوە بیرەوەری زوو
بۆ گەلی کوردو گشـــــــت خاکی وەلات

بە یادی خوێنی پاکی شـــــــــــەهیدم
بە یاد ژێر دەســـــــــتی ودوژمنی پەلـیدم
هەر نەفــــــرین دەکەم لە داگیــــرکـەران
لە خودی  نەیـــــــار و  دوژمنی کـــوردم

بەیـادی شـــاری هەلەبجەکەی خـــــۆم
من دەنوسمـــــەوە باسی خاکی خـــــۆم
وێنەکەی باوکی خنکاو  بە ســـــــــیانید
دەدەم لە بـــەرگی دیـوانـــەکـــەی خـۆم

هـەزاران باس وکـارەســــــــــاتی زوو
دەکەم بە دروشـــــــمی ڕێگـەی ئـارەزوو

دەیان نوسمەوە بۆ کوردستانم
تا ون نەبێتن ژانی پڕ تەزوو

دەمەوێ ناوی ونی هەزاران
من بنوسمەوە پەندو ئازاران
یاداشتیان بکەم بەخوێنی سوورم
تاڕوو ڕەش بێتن جەلادی یاران

دەمەوێ مێژووی ونی خاکەکەم
ئاگرێ داخ و ناو دەرسیمەکەم
چوار چرای گەشی مەهابادەکەم
داڕێژم لە ناو شیعرو باسەکەم

دەمەوێ هەرچی کەسەروخەمە
لەم دلەی من دا کە برین و تەمە
بییان هۆنمەوە چی زۆر و کەمە
با بلێن شیعرم گشتی ئەلەمە

دەمەوێ کورد کوژ ڕیسوابێتن
هۆرەی داری ژین چاوی کوێربێتن
لەم شیعرەم ناوی نەیاران بێتن
هەتا هەمیشەڕویان ڕەش بێتن

دەمەوی شیعری دلی خەمگینم
ببتەتەنینی هاواری ژینم
لە ئاسۆی شیعری پڕ لە ئەوینم
وەدەرخەم هەموو ژان و برینم

دەمەوێ هەموو نیشتمانەکەم
گشت بەسەرهاتی ناو وەلاتەکەم
بکەم بەپەندی هەموو یادەکەم

**بۆ نەوەی سبەی دوا ڕۆژەکەم**

**دەمەوێ سیمای کۆرپەی وردکراو**
**بەژەهروبۆمبا گیان لێ سەندراو**
**سیمای هەڵەبجەی واشەهیدکراو**
**بکەم بەوێنەی کوردی بەش خوراو**

**دەمەوێ ڕەنگی جەللادی کوردان**
**بدەم لە سینەی هەموو نامەردان**
**بەیادی گیانی پاکی شەهیدان**
**ڕەشترکەم چارەی خائینی کوردان**

**بە یادی سەدسال ڕۆژی بارزانی**
**وا دەنوسمەوە سەدان قوربانی**
**هەزاران هەزار وەکو کاوانی**
**کە گیانیان بەخشی لەڕێی بارزانی**

**دەمەوێ ناوی هەڤالانی خۆم**
**یادی ئیدریس و برا گەورەی خۆم**
**بکەمە ویردی سەر زمانی خۆم**
**کەوا نەمردوون شەهیدانی خۆم**

**ناوی هەژار و یارانی دێرین**
**عەبدوالخالیق و یوسفی شیرین**
**بێنمەوە یادی هەموو دلبرین**
**بلێم پێی ناوێ بۆ شەهید گرین**

**تۆماری براو سەدان قارەمان**
**مەلا عومەرو نەفاسەی دەوران**
**ناوی شەهیدی ونی ڕێبازمان**
**بکەم بە دروشمی سەربەرزی ژیان**

دەمەوێ لێرە یادی گشت بکەم
یادی فەرەنسۆی قارەمان بکەم
بلێم نامرن شەهیدانی کورد
زیندوونە هەردەم یادیان دەکەم
هاوار دەکەم و دەلێم شەهیدان
جێی شانازینە وا لە کوردستان
هیوای خۆشبەختی وڕزگاری کوردن
وەکو بارزانی نامرن  شەهیدان

دەمەوێ باسی دلی هەلقرچاو
هەموو دایکان و گشت دلی برژاو
هاواری خوشکی  برا ون کراو
بکەمە  هێمای کوردی  بێبەش ماو

ساوای ناو لانکی گڕ تێ بەردراو
ئافرەتی هاوسەر بە زۆر ون کراو
سیمای سێدارەو بە کۆمەل نەماو
بدەم لە سینەی دوژمنی  ڕوخاو

پڕ بەم جیهانە بلند هاوار کەم
دیرۆکی ونی کوردم باس بکەم
بلێم هاوارە جیهانیان هاوار
هەتاکەی ئاوا  ژیان تام نەکەم

بۆچ منیش وەکو مرۆڤان  نەبم
سەربەخۆ و شاد وئازادە نەبم
بۆچی خاوەنی مافی خۆم  نەبم
بۆچی ئاوارەو  مال وێرانە ببم

هەتاکەی ئاوا وێل وسەرگەردان
دوژمن بسێنی گشت گیانی کوردان

تەعریب بێ خـــاکی زێڕیـــــنی کـــوردم
هەر چەوساوەبم لەدەســــــــــت نامەردان

بۆیەکە دەڵێـــــــــــم ئەی گەلی کـــوردان
بژی کوردســـــــــتان خاکەکەی مـــەردان
بژی ڕێبـــــــــــازی ســــەروەری گوردان
بمرێ دوژمن و هەمـــــــــوو نامـــــەردان

هەســـــــــتن یەکگرن خۆتان ڕێک بخـــەن
ناوی کوردســـــــــتان زوو وەدەربەخەن
ئالای بلندی کوردستان ســـــــــــەرخەن
دوژمن و نامەردهـــــــــــەمووی وەدەرخەن

مەبنە دار دەســـــــــــتی دوژمنانی کـــورد
کێ کە خائین بـــێ لە ناو چالا مـــــــــــرد
پەســـــــــــتی گوتن و گەلێ ئاخ و دەرد
مەکەن بەبوختان بۆ دروشـــــــــت و ورد

کێ هیوای دووری خـاک و گـــــــەلی بێ
دوور لە میحنـــــــــەت وئازاری کەس بێ
داردەســــــــتی نەیار ڕووی هەر ڕەش دەبێ
جێگـــــەی گولخـــــەنی ناو دۆزەخ دەبێ

ســــــــــــەرکەوتنی گەلان ئەمڕۆکە باوە
گشـــــــــــــت داگیرکەران ناویان ڕزاوە
یەکبـــــــــــــــونی گەلان ناویان داوە
خـــــــــــۆ کوژی ئەمـــــڕۆ مەرگی بۆ ماوە

هەرکێ بۆ گەل و نیشـــــــــــــتمان نەبێ
هەردەم سەرشۆڕو هەر ڕیســـــــــوا دەبێ
ئەمڕۆکە ڕۆژی هــــــــــەول و خـــــەباتە

**گەر کورد یەک نەگـرێ ڕیســــــــواتر ەبێ**

**هیواو ئاواتی گشت ســــــــــەروەرانمان**
**با وەدی بێنین بە دلســــــــــۆز بونمان**
**گیانی بارزانی و گشت شـــــــەهیداتنمان**
**بکەین بە هێـمای ســـــــــەربەخۆییــمان**

**پێکەوە هەمـــــوو تف لە خـــــاین کەین**
**ســــــیخورو پەست و نەیار ڕووڕەشکەین**
**یەکـــــتر رزگارو ســــــــەر بڵند بکەین**
**هــــــەزاران نەفــــــرین لە دوژمن بکەین**

**ئەوســــــــــا ڕزگار سەربەخۆ دەبین**
**کەوا یەکگـــــــرتـوو و بۆ یەکتر گول بین**
**ئاڵای کوردســــــــــتان دەشەکێتەوە**
**کە کورد یەک بگـــــرێ و دڕکی یەک نەبین**

**ئەم ڕۆمانە هۆنراویەم بە یادی کوردستانی ئازیزو خۆشەویستم،بە یادی هەموو کارەساتە دل تەزێنەکانی کوردستان پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە هەمیشە کوردن و لە ڕێگەی گەل و نیشتمانیان هەرگیز لا نادەن و دڕکی ناو چاوی نەیارانن بە یادی کارەسات و ئەنفال و هەلەبجەی شەهید**